## گریس ئەلرەیس:

# راگەیاندنکار پێویستە سەرەتا لەگەڵ خۆی راشکاو بێت

**گریس ئەلرەیس یەکێکە لە راگەیاندنکارە لوبنانییە سەرکەوتوو و بەرچاوەکانی نێو راگەیاندنی عەرەبی و بە راشکاوی و راستگۆیی ناسراوە، بۆیە ئەو بەرنامانەی پێشکەشی دەکات، بینەرێکی زۆریان هەیە و هەمیشە دەم بە زەردەخەنە و پێکەنینە، ئەمەش هۆکارێکی دیکەیە کە جەماوەرێکی زۆر بینەری بن، گریس بەم شێوەیە وەڵامی چەند پرسیارێکی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.**



*** سەرەتای دەستپێکردنت چۆن بوو؟**

- هەر لە تەمەنی منداڵییەوە راگەیاندن وەك خولیا و حەزێك بوو بۆم، سوپاس بۆ خوا لە کۆتاییدا بە ئاواتەکەم گەیشتم و لە رێگەی راگەیاندنەوە ناسرام.

*** بەرنامەکانت ئاراستەی کێی دەکەی؟**

- بێگومان کاری راگەیاندن ئەگەر پەیامێکی دیار و ئاشکرای نەبێت، ئەوا ئامانجی راستەقینەی خۆی ناپێکێت، پەیامی منیش ئەوەیە هەر نارێکییەك یان گرفتێك هەبێت، بەپێی توانای وەکو خۆی دەیگەیەنم وئاراستەی ئەو کەس لایەنانەی دەکەم کە گوێی لێدەگرن.

*** جورئەت بۆ راگەیاندنکاری ئافرەت چەند پێویستە؟**

- باشتر وایە رەگەز دیاری نەکرێت، چونکە هیچ جیاوازییەك لەنێوان راگەیاندنکاری پیاو و ئافرەت نییە، چونکە هەردووکیان پێویستیان بە جورئەت هەیە، بەڵام نەك ئەو جورئەتەی کە هەندێك کەس بە هەڵەی لێکدەدەنەوە، بەڵکو جورئەت لە گەیاندنی پەیامی راستەقینەی راگەیاندن.

*** سەرکەوتن و سەرنەکەوتنی بەرنامەکانت چۆن هەڵدەسەنگێنی؟**

- بەڕای من ژمارەی بینەران و بەردەوامبوونی کەناڵەکە لەسەر پێشکەشکردنی هەر بەرنامەیەك نیشانەیەکی راستەقینەی سەرکەوتنی هەر بەرنامەیەکە، رازی بوونی بینەر و میوانەکانیش هۆکاری درێژەدان بەهەر بەرنامەیەکە.

*** یەکسانی نێوان ئافرەت و پیاو چۆن هەڵدەسەنگێنی؟**

- باوەڕم زۆر بە یەکسانی نییە، چونکە ژیان بریتییە لە ئافرەت و پیاو و هەر یەکیان رۆڵ خۆی هەیە لە ژیانداو لە هەمان کاتیشدا تەواوکەری یەکترن.

*** جیاوازی نێوان راگەیاندنکاری لوبنانی و میسری چین؟**

-هیوادارم میسرییەکان لێم زویر نەبن، بەڵام میسرییەکان زیاتر سادەن بەپێچەوانەی لوبنانییەکان رێکخراون و هەموو کارێك بە جددی ئەنجامی دەدەن.

*** پێویستە بەر لە دەستپێکردنی بەرنامە میوان لە پرسیارەکان ئاگادار بکرێتەوە؟**

-نەخێر، چونکە من هیچ کەسێك ناچار ناکەم وەڵامەکانم بداتەوە و زۆر رێزیش لە بیروڕایەکانی دەگرم، چونکە ئەمە کارێکی ئاساییە، بەڵام رازی نابم هیچ کەسێك بێت لە دەرەوەی ستۆدیۆ مەرجی خۆی بەسەر مندا بسەپێنێ.

*** زۆر لە کەناڵە ئاسمانییەکان ئێستا کەناڵی بەخۆڕایی پرۆگرامەکانیان بڵاوناکەنەوە، ئەمە سوودی بۆ ئێوە هەیە یان زیان؟**

- کەناڵی لۆکاڵ هەموو خەڵك بە هەژار و دەوڵەمەندەوە دەیبینێت، بەڵام کەناڵی بە کارت تەنیا توخمێك دەیبینێت، بۆیە ئێستا کەناڵی لۆکاڵ باشترە بۆ ئێمە.

*** هیچ جارێك فیلمت لێکراوە؟**

- تا ئێستا فیلم لێنەکراوە؟

*** حەزت لە پێشکەشکردنی چ جۆرە بەرنامەیەکە؟**

- ئەو بەرنامانەی کە گشتین و پەیوەندییان بە کێشەی رۆژانەی زۆرترین ژمارەی دانیشتوانەوە هەبێت.

***کامیان باشترە بۆ بەرنامەیەك خۆت ئامادەکار و پێشکەشکاری بەرنامەیەك بی، یان یەکێکی تر ئامادەی بکات؟**

- بێگومان ئەگەر بەرنامەیەك ئامادە و پێشکەشکار یەك کەس بێت، باشتر دەتوانێت کارەکان بەڕێوە ببات، چونکە خۆی دەزانێت چۆن و بە چ شێوەیەك پێشکەشی جەماوەری بکات.

*** زانیاریت لەربارەی کوردەوە هەیە؟**

- بێگومان زانیاریم هەیە و زۆریشم لەسەریان خوێندۆتەوە، میللەتێکن حەز لە ئاشتی و ئارامی دەکەن، بۆ نموونە ناوچە کوردنشینەکانی عێراق ئارامە و تا ئێستا ژمارەیەك هونەرمەندی لوبنانی لەجیاتی بەغدا سەردانی ئەو ناوچەیەیان کردووە.

*** لە هیچ بەرنامەیەکت پەشیمان نیت؟**

- نەخێر، چونکە هەر هەنگاوێك بهاوێم بە وردی شی دەکەمەوە و بیر لە سەرنەکەوتنیش دەکەمەوە، بۆیە پێموایە تا ئێستا کارەکانم بە باشی بەڕێوە دەچن.

*** راگەیاندنکار چۆن سەرکەوتوو دەبێت؟**

- پێویستە دڵسۆز بێت بۆ کارەکەی و خۆشەویستییەکی تەواوی بۆی هەبێت، هەروەها راستگۆش بێت لەو کارەیدا و سەرەتاش پێویستە لەگەڵ خۆی دڵسۆز بێت، نابێ گوێی بە زۆر شت بدات، چونکە کاری راگەیاندن بێ گیروگرفت نابێت.

*** بۆچی کچە راگەیاندنکارەکان سەرکەوتووترن لە پیاوەکان؟**

- چونکە کچەکان توانیویانە بە زیرەکی و لێهاتوویی خۆیان بەردەوام و سەرکەوتوو بن.

*** زۆر لە راگەیاندنکارەکان روویان لە نواندن کردووە، تۆش بیرت لێنەکردۆتەوە؟**

- نەخێر، چونکە نواندن کاری من نییە و زیاتر خۆم لەبەرنامە تەلەفزیۆندا سەرکەوتوو دەبینمەوە.

*** لە رێگای کارەکەتەوە دەتەوێ بە چی بگەی؟**

- هەوڵ دەدەم شوێن پێی خۆم لە پیشەکەمدا دیار بێت و شوێن و پێگەیەکی باشم لەلای جەماوەرەوە هەبێت، لە قۆناغی سەرەتاییدام، بۆیە پێویستە پەیژە بە پەیژە سەرکەوین.

*** هەڵوێستت چی دەبێت بەرامبەر ئەو کەسانەی دژی تۆ دەوەستن؟**

- بەرپەرچیان دەدەمەوە بە شێوەیەکی هێمن دژیان دەوەستمەوە تا ئەو کاتەی هەڵەکەیان بۆ دەسەلمێنم .

*** هیوا و ئاواتەکانت چین؟**

- هیوادارم بتوانم هەمیشە دڵی جەماوەر رازی بکەم.







## لێدوانەکانی نەجوا نانسی تورە دەکات

پێدەچێت پەیوەندی نێوان هەردوو گۆرانیبێژی لوبنانی نانسی عەجرەم و نەجوا کەرەم جۆرێك لە گرژی تێکەوتبێــت، بەتایبەتــی دوای ئەوەی نەجوا لە دیمانەیەکدا چەند جارێــك دووپاتی کردەوە کە خۆی هونەرمەندی یەکەمی لوبنانە و بەناوبانگترین و باشترینیانە لەسەر ئاستی وڵاتانی عەرەبی.
ئــەم لێدوانەی نەجوا بووە هۆی تورەبوونی نانســی عەجــرەم، چونکە پێیوایــە ئەویش ناوبانگ و جەماوەرێکی زۆری هەیە، بەتایبەتی لە وڵاتی میســر، چەند سەرچاوەیەکی نزیك لە نانسی عەجرەم لەســەر زاری ئەو رایانگەیاندووە کە هیچ گۆرانیبێژێــك ناتوانێت گۆرەپانی گۆرانی لوبنانی پۆلین بکات و پلە بە گۆرانیبێژانی دیکە بە ویست و ئارەزووی خۆی ببەخشێت، چونکە هەموو گۆرانیبێژێك جەماوەری تایبەتی خۆی هەیە.

## دوو خولەک بە ١٧٥٠٠ دۆلار

**کورتە فیلمێکی زۆر کورتــی ئەکتەری کۆچکردووی ئەمریکی مارلین مۆنرۆ کە تەنیا دوو دەقیقە و نیوە، لە مەزادێکی ئاشکرادا لە ئوسترالیا بە بڕی ١٧٥٠٠ دۆلار فرۆشرا.**
**ئەم فیلمەی مارلین بەشێك بوو لە فیلمێك بە ناوی (هەندێك پێیان باشــە گەرم بێت) و لەلایەن ئەفسەرێکی دەریاوانی ئەمریکییەوە گیرا بوو ئەوکاتەی مارلین داوەتی کردبــوو بۆ بینینی فیلمەکە.**




## ئەساڵە و هاوسەرەکەی جیابوونەتەوە؟



دەزگاکانی راگەیاندنی عەرەبی بەم دواییە هەواڵی جیابوونەوەی خانمە هونەرمەند ئەساڵە نەسری و هاوسەرەکەی تارق ئەلعەریانیان بڵاوکردەوە، بە یەکەوە دەرنەکەوتنی هەردووکیانیشــیان بە بەڵگەیەك بۆ راستی ئەم هەواڵە هێنایەوە.
بە پێی ئەو راپۆرتانەی لە میدیاکان بڵاوکراوەتەوە هۆکاری جیابوونەوەی ئەســاڵە و هاوســەری دووەمی بۆ ئەو جلوبەرگانە دەگەڕێتەوە کە بەم دواییە ئەســاڵە دەیانپۆشــێت، ئەمەش بووەتە هۆی ناڕەزایی دەربڕینی هاوسەرەکەی، دواتر دروستبوونی گیروگرفت لە نێوانیان و جیابوونەوەیان، بــەڵام هیچیان لێدوانیان دەربارەی ئەم مەســەلەیە نەداوە و ئەســاڵەش جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە تارق زۆر بواری ژیانی گۆڕیوە و وای لێکردووە کە زیاتر بە گەشبینییەوە لە ژیان بڕوانێت و لە چوارچێوەیەکی کلاســیکی گۆرانی گوتنی دەرهێناوە بــۆ چوارچێوەی گۆرانی گەنجانە و سەردەمی، ئەم لێدوانەی ئەساڵە رەنگە رەتکردنەوەی ئەم پڕوپاگەندانە بێت، بــەڵام بێئەوەی باس لە ناکۆکی یان هۆکاری دەرنەکەوتنیان بەیەکەوە باس بکات.


گوڵان
ژمارە (٧٧٧)
٢٠١٠/٤/١٩






## ئەو فیلمانەی لەم هەفتەیەدا زۆرترین داهاتیان بەدەست هێناوە

# "ژووانی شەوان" زۆرترین داهاتی ئەم هەفتەیەی کۆکردەوە

فیلمی کۆمیدی"Date Night" ژووانی شەوان، توانی بەماوەی تەنها سێ ڕۆژ زیاتر لە ٢٧ ملیۆن دۆلار کۆبکاتەوە، ئەم داهاتەش ئەگەرچی پێی بووە فیلمی یەکەمی هەفتە، بەڵام تێکرای فیلمەکانی ئەم هەفتەیە بە بەراورد لەگەڵ هەموو هەفتەکانی تری ئەمساڵ، کەمترین داهاتیان کۆکردۆتەوە، بەڕێژەی ٣١٪ کەمی کردووە.

ژووانی شەوان فیلمێکی کۆمیدیای کۆمەڵایەتییە لەسەر شێوەیەکی درامی دەچێتە ناو باسەکانییەوە، بەڵام لەقوڵایی فیلمەکە تراژیدیاش بەدی دەکرێت، باس لە هەندێ کێشەی نێوان خێزانەکان دەکات کە ڕەنگە ئەو جۆرە کێشانە لەلای زۆرینەی خێزانەکان دووبارە ببنەوە.

فیلمەکە باس لە ژن و مێردێك دەکات کە هەڵەیەك ڕوودەدات لە ناساندنی ناوەکانیان. پێش ئەوەی باسی ئەو هەڵەیە بکەین، ئەم دوو هاوسەرە هەست بە بێزاربوون و دووبارە بوونەوە لە ژیانی هاوسەرگیریان دەکەن، وردە وردە شتە سۆزدارییەکان بەهایان نامێنێ و وەك دوو کارمەند لەگەڵ یەك مامەڵە دەکەن، بەڵام بەهۆی ئەم هەڵەیەوە هەوڵ دەدەن ژیانی خێزانییان باشتر بکەن، ئەمەش بە بەسەربردنی شەوێکی ئەفسوناوی پڕ ڕۆمانسییەت، بەڵام لەو شەوەدا شتێکی خەتەرناك ڕوودەدات، کە شایەنی ئەوەیە هەوڵ بدەن ئەم فیلمە ببینین. فیلمەکە لە دەرهێنانی "شۆن لیفی" و لەپاڵەوانێتی ئەکتەری گەورەی کۆمیدیا "ستیف کارێڵ" و تینا فای، مارك والبیرج، کریستن ویج-ە.

ئەمەش لیستی باشترین فیلمەکانی ئەم هەفتەیەی ئەمەریکایە بەپێی پەیداکردنی زۆرترین داهات:

1- Date Night (٢٧،١٣٠ ملیۆن$، کۆی داهات: ٢٧،١٣٠ ملیۆن$، بە یەك هەفتە.

2- Clash of the Titans (٢٥،٢٠٧ ملیۆن$، کۆی داهات: ١١٠،٢٢٦ ملیۆن$، بە ٢ هەفتە، پلەی پێشووا١.

3- How to Train Your Dragon (٢٤،٨٦٣ ملیۆن$، کۆی داهات: ١٣٣،٤٠٤ ملیۆن$، بە ٣ هەفتە، پلەی پێشو:٣.

4- Tyler Perry's Why Did I Get Married Too? (١١،٠١٧ ملیۆن$ کۆی داهات: ٤٨،٥٣٨ ملیۆن$، بە ٢ هەفتە، پلەی پێشوو٢.

5- The Last Song (٩،٨٣٢ ملیۆن$، کۆی داهات: ٤٢،٢٥٥ ملیۆن$، بە ٢ هەفتە، هەفتەی پێشوو٤.

6- Hot Tub Time Machine (٥،٤٣٠ ملیۆن$، کۆی داهات: ٣٦،٩٦٩ ملیۆن$، بە٣ هەفتە، پلەی پێشوو:٦.

7- Alice in Wonderland (٥،٣٠٠ ملیۆن$، کۆی داهات: ٣١٩،٠٠٩ ملیۆن$، بە ٦ هەفتە، پلەی پێشو:٥.

8- the bounty hunter (٤،٢١٠ ملیۆن$، کۆی داهات: ٥٥،٩١٧ ملیۆن$، بە٤ هەفتە، پلەی پێشو:٧.

9- diary of a wimpy kid (٣،٩٧٩ ملیۆن$، کۆی داهات: ٥٣،٦٣٦ ملیۆن$، بە٤ هەفتە، پلەی پێشو:٨.

10 - Letters to God (١،١٠١ ملیۆن$، کۆی داهات: ١،١٠١ ملیۆن$، بە یەك هەفتە.

ئا: عەبدوڵلا چنگیانی



# نینا جەمال:

# رەخنەیەک بۆ ناو زڕاندن بێت گوێی لێناگرم

نینـــا جەمـــال وەك زۆر لە کچە گۆرانیبێـــژەکان لە دەرەوەی وڵات دەســـتی بەکاری هونەری کردووە و ئێســـتا لە ســـەرەتای کاروانی هونەری دایە، هەر لە تەمەنێکی زووەوە حەز و خولیای بۆ هونەر و گۆرانـــی گوتن هەبووە، هاندان و پاڵپشتی خانەوادەکەیان بەتایبەتی باوکی زیاتر نینای هاندا بۆ ئەوەی بەردەوام بێت لە کاری هونەری و گۆرانی گوتن، هەرچەندە ئێستا لـــە قۆناغـــی ســـەرەتایی دایە، بەڵام بە شـــایەدی زۆر لەوانەی شـــارەزای هونـــەری گۆرانـــی گوتنن، پاشـــەڕۆژێکی هونەری پرشنگدار چاوەڕێی دەکات. نینا کە لە وڵاتی ئوستراليا نیشتەجێیە ماوەیەکە گەڕاوەتەوە کوردســـتان بۆ ئەنجامدانـــی کارەکانی یەکەم ئەلبوومی خۆی و تۆمار کردنی چەند کلیپێك، بۆیە بە پێویستمان زانی ئەم دیمانەیەی لەگەڵدا ساز بکەین.

*** سەرەتای دەست پێکردنی کاری هونەریت بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟**

- تەمەن پانزدە ساڵانە بووم، کە گروپێکی میوزیکی کوردی لە ئوسترالیا دامەزرا، بە ناوی ئاڤێستا، باوکم سەرپەرشتی ئەو گروپەی دەکرد، من ئەوە بە دەسپێکی کاری هونەریم دەزانم.

*** بۆ کاری هونەری جگە لە خانەوادەکەتان بەتایبەتی باوکت کێی تر هاوکاری کردی و هانیدای؟**

- ئەوانەی کە لە گروپی ئاڤێستادا بوون هەوڵیان دەدا هاوکاریم بکەن بۆ ئەوەی گروپەکە بەرەو پێش بچێت، رەنگە ئەوەش زیاتر وەك هاوکاریەك بێت بۆ گروپەکە بەشێوەیەکی گشتی، هەروەها بەڕێز عەبدوڵڵا خۆشناو هەوڵی داوە بۆ ئەوەی لە رووی دەنگەوە پێش بکەوم.

*** ماوەیەکە بۆ ئەنجامدانی چەند کارێکی هونەری و بڵاوکردنەوەی ئەلبوومێك گەڕاویەتەوە کوردستان، ئێستا کارەکانت بەچی گەیشتن؟**

- ئێستا ئەلبوومەکەم لە قۆناغی کۆتاییدایە، ماوەیەکی تر دەکەوێتە بەر دەستی گوێگرانی خۆشەویست، ئێستاش لە خۆئامادەکردنم بۆ ئەنجامدانی کلیپی دووەم.

***دوای ئەوەی هاتییەوە بۆ کوردستان، تێڕوانینت بۆ کاری هونەری لە کوردستان چۆنە؟**

- لە کاری موزیك لە کوردستان زۆر رازیم، دڵخۆشیشم کە لە وڵاتەکەم ئەم جۆرە توانایانە هەیە.

*** دوای دەرکەوتنی چەند گۆرانیبێژێکی ئافرەت لەلایەن خەڵکەوە رەخنەی ئەوەیان لێگیرا کە هونەری کوردی دەشێوێنن، ترسی ئەوەت نییە ئەم رەخنانە ئاراستەی تۆش بکرێن؟**

-ترسی رەخنەی هونەرییم نییە، چونکە بە رەخنە هونەرمەند پێش دکەوێت. هەر رەخنەیەك لە لایەنی هونەریەوە بێت، دەیخەمە سەر سەر، بەڵام ئەگەر رەخنە تەنیا بۆ ناوزڕاندن بێت، گوێشی لێناگرم.

*** ئایا راستە هەندێك ئافرەت لە رێگەی گۆرانییەکانیانەوە تەنیا لەش و لاری خۆیان نمایش دەکەن؟**

- ناتوانم را و بۆچوون لەسەر هەڵسوکەوتی هیچ کەسێك بدەم، بەڵام ئەوەندە دەڵێم هونەرمەندی گۆرانیبێژ بە کاری هونەری جوان و پوخت سەردەکەوێت، نەك بە نمایشکردنی لەش و لار.

*** تۆ لە سەرەتای کاری هونەری، بۆ ئەوەی هونەرمەندێکی سەرکەوتوو بی و لەلایەن جەماوەرەوە رەخنەت لێ نەگیرێ پشت بەچی دەبەستی؟**

- رەخنە هەر دەبێت، بەڵام هەوڵ دەدەم تا پێم بکرێت کاری جوان پێشکەش بکەم و لە هونەردا ویژدانم رازی بکەم.

*** جاران زۆربەمان دەمانگوت ئافرەتی هونەرمەندمان کەمە، ئێستا ژمارەیان زۆرە، بەڵام رەخنە لە هونەرەکەیان دەگیرێ، وەك ئافرەتێك پێت باشە ژمارەی ئافرەتان زۆر بێت یان ئەو هونەرەی پێشکەشی دەکەن لە ئاستی پێویست بێت؟**

-چەند زۆر بێت باشە، بەڵام کاری جوان و شیاو پێشکەش بە هونەری کوردی بکەن.

*** چۆن شیعری گۆرانییەکانت هەڵدەبژێری؟**

- ئەو شیعرانە هەڵدەبژێرم کە هەستێکم پێ دەبەخشێت و ئاسایی بێت، بەتایبەتی لەلایەنی پاراستنی دابونەریتی میللەت وڵاتەکەشم.

*** رەسەنایەتی هونەری چۆن پێناسە دەکەیت؟**

- هونەری رەسەن رۆژگار دەیسەلمێنێت و قەت نامرێت.

*** پێتوایە هونەری کوردی رەسەنایەتی خۆی لەدەستداوە؟**

- پێموانییە، چونکە ئەگەر رەسەنایەتی هونەری کوردی لەدەست درابوایە، ئێستا ناو و گۆرانییەکانی ئەو کەڵە هونەرمەندە رەسەنانەمان نەدەزانی بۆ نموونە (مامۆستا حەسەن زیرەك و ماموستا تایەر تۆفیق و مامۆستا عەلی مەردان).

***زۆر کەس دەڵێن بە بازرگانی کردنی هونەری دەبێتە هۆی تێکدانی هونەری، تۆ پشتگیری لەو قسە دەکەیت؟**

- نەخێر، ئەوە بازرگانی کردن نییە بە هونەر ئەگەر هونەرمەندێك پارەی فرۆشتنی ئەلبومەکەی وەربگرێتەوە، ئەوە رەنجی ماندووبوونی خۆیەتی و ئەگەر وا نەبێت ئەی هونەرمەندان بەچی بژین و چۆن کاری هونەری بکە؟

*** لە ئوسترالیا ئاستەنگەکانی بەردەم تۆ وەك هونەرمەندێکی ئافرەت چین؟**

- وەك ئافرەت هیچ ئاستەنگێك نییە، بەڵام وەك هونەر کارکردنم لە کوردستان پێ پرۆفشناڵترە نەك لەوێ بۆ کچە گۆرانیبێژێکی کورد.

*** رقت لە چییە؟**

- زۆر رقم لە درۆ و بوختانە.

*** حەزت لە چ رەنگ و وەرزش و خواردنێکە؟**

- حەزم لە رەنگی شین و سەوزە. وەرزش ناکەم، بەڵام حەزم لە سەیرکردنی فۆتبۆڵە و حەزم لە خواردنی یاپراخ و شێخ مەحشیە.

*** زانیاریت لەسەر ژەنینی ئامێرە مۆسیقییەکان هەیە؟**

- زانیاریم لەسەر ژەنینی کیبۆرد هەیە، بەڵام بەکەمی.

*** بە نیازی کەی بەرهەمەکەت بڵاوبکەیتەوە و کێ بڵاوی دەکاتەوە؟**

- تا ئێستا لەگەڵ هیچ کۆمپانیایەك بە فەرمی رێك نەکەوتووین، بەڵام لەو نزیکانە بڕیار وایە رێك بکەوین.

